**''قاقای دووکەڵ''**

قوباد جەلی زادە

کە شەیتانەکان لە شەڕی دوڕاوی خوداکان گەڕانەوە

چڕنووکیان لە خوێنی ئێمە گیر کرد

گوتیان بڕۆن لەو دیوی سەرابەکانەوە، تەرمێك کەوتووە

نە تەرمی ئاوە

نە تەرمی خۆڵە

نە تەرمی ئاگر!

ئەو ساتە ئێمە وەك بێچووە مشك

شوێن مەمکی دایکە کوێرەکانمان دەکەوتین

ئەو دەمە ئێمە وەك بێچووە پڵینگ

لە پشت هەنگاوی باوکە کەڕەکانمانەوە

گەمەی شێتانەمان دەکرد

گوتیان بڕۆن لە بەر پێی قاقای دووکەڵدا تەرمێك کەوتووە

نە تەرمی رۆحە

نە تەرمی تیشکە

نە تەرمی پەری!

ئێستاکە ئێمە وەك جووجەڵەی سەقەت

شوێن گەنمی ژەهراوی دەکەوین

هەنووکە ئێمە وەك بێچووە گورگ

لە پشت رێوییە سیحربازەکانەوە

شەڕی کەرانەی خۆمان دەکەین!

پەنجەی سزامان لێ رامەوەشێنن ئەی کتێبەکانی بڵندایی

خۆ ئێمە نەیزەکی رژاوەی ئێوە نین، تا نەهێڵن

"لەزەت لە گوناهەکانی خۆمان وەرگرین"

سندم لە لاقە لاوازەکانمان گرێ مەدەن

ئەی سوڵتانەکانی سەر زەمین

لە راکردنی ئێمە بۆ دەترسن؟

نە باخچەی ژنە رووتەکانتان پێدەزانین

نە گۆزەکانی مەی!

هەڵیش بێین، لە نێوان گۆڕی دوو بەندیخانەدا

لە نێوان دەرگای دوو گۆڕستاندا

دەماندۆزنەوە!!

ئێمە شوێن سروودەکانی نیتشە کەوتین

کەچی نیتشە مرد و

خواش بە زیندوویی مایەوە!!

Rojhalat